https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2361.09

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# ڕەنگدانەوەی دووڕەگیبوون وەک بنەمایەکی پۆست کۆڵۆنیالیزم لە ڕۆمانی "هوتێل ئەورووپا"ی فەرهاد پیرباڵدا

پ. د. سیروان جەبار ئەمین (زەند)

زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب

Sirwan.zand@yahoo.com

م. ی. کوردستان عبدالوهاب نادر

زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب

Kurdistan.nadr@soran.edu.iq

## پوختە

تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم یەکێکە لە تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، دووڕەگیبوونیش وەکو بنەمایەکی ئەم تیۆرە، بە یەکێک لە دیارترین و کاریگەرترین چەمکەکانی بواری پۆست کۆلۆنیالیزم دادەنرێت. دووڕەگیبوون لە ئەنجامی بەریەککەوتنی کولتووری داگیرکەر و داگیرکراو یان کولتووری باڵادەست و ژێردەست دروستدەبێت، لەم بەریەککەوتنەشدا فەزایەکی نێوانی دروستدەبێت، کە تێیدا جۆرێک لە ئاوێتەیی کولتووری ڕوودەدات و بە هۆیەوە فۆڕمێکی نوێی کولتووری دێتەئاراوە، کە بە تەواوی ناچێتە سەر هیچ یەک لە دوو کولتوورەکان، لێرەشەوە کولتوورێکی دووڕەگە بەرهەمدێت و لە ئەنجامیشدا دەبێتە هۆی دروستبوونی تاکی دووڕەگە. ڕۆمانی هوتێل ئەورووپای فەرهاد پیربالیش گوزارشت لە ژیانی پەناهەندە ڕۆژهەلاتییەکان لە ڕۆژئاوا دەکات، کە بەم هۆیەشەوە بەریەککەوتنێکی کولتووری لە نێوان کولتووری ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا دروستبووە، کە بووەتە هۆی ئەوەی کولتوورێکی دووڕەگە دروستببێت و پەناهەندە ڕۆژهەلاتییەکانیش دووچاری دووڕەگیبوونی ناسنامە و کولتوور و زمان ببنەوە. لەم توێژینەوەیەدا پێڕەوی لە ڕێبازی (وەسفی-شیکاری) کراوە و بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەکە دابەشی سەر دوو بەش کراوە. لە بەشی یەکەمدا باس لە چەمک و پێناسەی پۆست کۆلۆنیالیزم و دووڕەگیبوون کراوە. لە بەشی دووەمیشدا، دووڕەگیبوون وەک بنەمایەکی پۆست کۆلۆنیالیزم لە ڕۆمانەکەدا نیشاندراوە.



**وشە کلیلییەکان:** پۆست کۆلۆنیالیزم، دووڕەگیبوون، ناسنامە، کولتوور، زمان، هوتێل ئەورووپا

## ڕەنگدانەوەی دووڕەگیبوون وەک بنەمایەکی پۆست کۆلۆنیالیزم لە ڕۆمانی "هوتێل ئەوروپا"ی فەرهاد پیربالدا

### پێشەکی

دووڕەگیبوون یەکێکە لە گرنگترین بنەماکانی تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم، کە گوزارشت لە ئاوێتەبوونی کولتووری و دروستبوونی فۆرمێکی نوێی کولتووری دەکات، کە دواجار دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی تاکێکی دووڕەگە. ئەم توێژینەوەیەش کە لە ژێر ناونیشانی "ڕەنگدانەوەی دووڕەگیبوون وەک بنەمایەکی پۆست کۆلۆنیالیزم لە ڕۆمانی "هوتێل ئەوروپا"ی فەرهاد پیربال دا"یە، هەوڵێکە بۆ نیشاندانی دووڕەگیبوون بەپێی دەرکەوتنی و بەرجەستەبوونی لە ڕۆمانەکەدا.

- ڕێبازی توێژینەوە: بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە پێڕەوی لە ڕێبازی (وەسفی - شیکاری) کراوە.

- سنوور و چوارچێوەی توێژینەوە: سنووری توێژینەوەکە تەنیا لە چوارچێوەی ڕۆمانی هوتێل ئەوروپای فەرهاد پیربالدایە. لە کۆی بنەماکانی تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزمیش تەنیا بنەمای (دووڕەگیبوون) لە ڕۆمانەکە نیشاندراوە.

- گرنگیی توێژینەوەکە: لەم خاڵانەی خوارەوە بەدیاردەکەویت:

• کارکردنە لەسەر یەکێک لە تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، کە تا ئێستا لە ئەدەبی کوردیدا ئاوڕێکی ئەوتۆی لێ نەدراوەتەوە.

• کارکردن لەسەر تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم پێویستییەکی هەنووکەییە کە دەبێت ئاوڕێکی جدی لێ بدرێتەوە، بە مەبەستی وشیارکردنەوەی تاکەکانی نەتەوەکەمان لەم گوتارەی کە داگیرکەر

سەبارەت بە ڕۆژهەڵات و نەتەوە ڕۆژهەڵاتییەکان بەرهەمیهێناوە، بۆ ئەوەی دژی ئەم گوتارە بوەستینەوە و هەوڵی سڕینەوەی بدەن.

ـ ناوەڕۆکی توێژینەوە: توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە؛ لە بەشی یەکەمدا باس لە چەمک و پێناسەی پۆست کۆڵۆنیالیزم و دووڕەگیبوون وەک یەکێک لە بنەماکانی پۆست کۆڵۆنیالیزم کراوە. لە بەشی دووەمیشدا ڕەنگدانەوەی دووڕەگیبوون لە ڕۆمانی هوتێل ئەوروپادا خراوەتەڕوو.

لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا، ئەو ئەنجامانەی لە توێژینەوەکە پێی گەیشتووین، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

## بەشی یەکەم: دەروازەیەکی تیۆری

### ١ـ١ چەمک و پێناسەی پۆست کۆڵۆنیالیزم

تیۆری پۆست کۆڵۆنیالیزم تیۆرێکی نێوان پسپۆری و چالاک و ڕوو لە گەشەیە، چونکە لە لایەکەوە ڕەگ و ڕیشەکانی لە تیۆر و قوتابخانە جۆراوجۆرەکانی وەک مارکسیزم، پۆست مۆدێرنیزم، پاش بونیادگەری، دەروونشیکاری، تیۆری کولتوور و فێمێنیزمدا هەیە. لەلایەکی تریشەوە، کاریگەرە بە زانست و بابەتە جیاوازەکانی سیاسەت و ئابووری، فەلسەفە، مرۆڤناسی، جوگرافیا و مێژوو (شاهمیری، ١٣٩٨: ٤)، بۆیە لە پێناسەکردنی زاراوەکەیدا ناڕوونی و ئاڵۆزییەکی زۆر بەدیدەکرێت، ئەم ناڕوونی و ئاڵۆزییەش بۆ بوارە فراوانەکەی لێکۆڵینەوە پۆست کۆڵۆنیالییەکان دەگەڕێتەوە، چونکە هەر لە تیۆر و ڕەخنەی ئەدەبی تا زانست و بابەتە جۆراوجۆرەکانی وەک ئەدەبیات، سیاسەت، ئابووری، فەلسەفە، لێکۆڵینەوە کولتوورییەکان، مرۆڤناسی، جوگرافیا و مێژوو...هتد لەخۆدەگرێت؛ واتاکانی ئەوەندە زۆرن کە بۆ لێکدانەوەی مێژووی

سەردەمێکی کۆتایی پێهاتوو، بارودۆخێکی کولتووری، بۆچوونێکی تیۆری بەکاردێت. بۆیە زۆرێک لە ڕەخنەگران، پۆست کۆلۆنیالیزم بە زیاتر لە تیۆرێکی ڕەخنەی ئەدەبی دەزانن و لە چوارچێوەی زانستەکانی وەک زانستی سیاسی، فەلسەفە، بە تایبەتی مێژوو، دەروونزانی...هتد پێناسەی دەکەن و پێیانوایە ((بوارێکە لە بنەڕەتەوە چەند پسپۆڕییە و چوارچێوەدار نییە و پێناسە ناکرێت)) (گاندی، ١٣٩١: ١). لەم کاتەدا ئەگەر بمانەوێت چەمکی پۆست کۆلۆنیالیزم ڕوونبکەینەوە دەبینین چەمکێکی فراوان و بەربڵاوە و لە زۆربەی بوارەکاندا خۆی دەبینێتەوە و لە هەر بوارێکدا هەڵگری واتایەکە، چونکە هەر بیرمەند و نووسەر و پسپۆڕێک بەپێی ئەو بوار و پسپۆڕییەی کاری تێدا کردووە، هەوڵیداوە واتایەک بەو چەمکە ببەخشێت؛ ئەمە تا ئاستێک دەچێتە پێشەوە وەک ئەوەی دامپی دەڵێت: ((ئەو واتایەی نووسەر هەڵی دەبژێرێت هەمان واتا ڕاستەکەیە، لە ئەنجامدا سەیر نییە ئەگەر ببینین ئەم زاراوەیە بۆ هەر جۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی گوتاری دژی دەسەڵات یا پەراوێز بوون بەکارهاتووە)) (هال و دیگران، ١٣٩٠: ١٧٥ـ ١٧٦). ئێمەش لێرەدا هەوڵدەدەین چەند پێناسە و بۆچوون و تێڕوانینێک لە بارەی پۆست کۆلۆنیالیزم بخەینەروو.

لە سادەترین پێناسەدا، پۆست کۆلۆنیالیزم ((گشت کولتوورەکانی ژێر کاریگەریی پڕۆسەی ئیمپراتۆرییەت لە یەکەم ساتی داگیرکردنەوە تا ئێستا لەخۆدەگرێت، چونکە داگیرکردنی ئەو وڵاتانەی کە بە هێرشەکانی ئیمپراتۆریەتەکانی ئەوروپا دەستی پێکردبوو تا ئێستاش بەپێی ڕەوتێکی مێژوویی بەردەوامە، کە ئەویش ڕەوتی ئیمپریالیزمە)) (ایرائی، ١٣٩٥: ٣٧)، کەواتە دەبێت ئاگاداربین لەوەی کە تا ئێستاش کۆلۆنیالیزم لە چوارچێوەی گوتاری ئیمپریالیزمدا ئامادەیی هەیە، دەکرێت چەمکی پۆست کۆلۆنیالیزم ئاماژەبێت بە ڕەوتی بەردەوامیی پڕۆسەی کۆلۆنیالیزم لە هەلومەرجی جیاوازتردا.

ئەشکرافتیش لە پێناسەکردنی پۆست کۆلۆنیالیزمدا هەمان تێڕوانینی هەیە و دەڵێت: پۆست کۆلۆنیالیزم ((پەیوەندی بە سەردەمی پێش سەربەخۆییەوە هەیە و پێشاندەری گشت ئەو کولتوورانەیە کە پرۆسەی ئیمپریالیزم لە دەستپێکی داگیرکاری تا ئێستا دەستی بەسەردا گرتوون)) (ساعی، ١٣٨٥: ١٣٦). لەم ڕوانگەیەوە پۆست کۆلۆنیالیزم گوزارشتە لەو بارودۆخەی کە لە ژێر هەیمەنە و دەسەڵاتی پرۆسەی داگیرکاری دێتە ئاراوە، چونکە لە پرۆسەی داگیرکاریدا ئاڵوگۆڕی کولتووری لە نێوان داگیرکەر و داگیرکراودا دێتە ئاراوە، بەو پێیەی لە داگیرکاریدا کاتێک داگیرکەر دەست بە سەر خاک و سەرزەمینی نەتەوەیەکی تردا دەگرێت هەوڵدەدات لە هەموو ڕوویەکەوە خۆی بەسەر نەتەوە ژێردەستەکەدا بسەپێنێت، ئەمەش ((دەبێتە هۆی دروستبوونی پەیوەندیی نێوان داگیرکەر و داگیرکراو لە ماوەی ناسینی یەکتردا هەڵسوکەوت و ڕەفتار و دابونەریت و زمانی یەکتر وەردەگرن)) (یانگ، ١٣٩١: ١٥٢). ئەگەرچی لەم پەیوەندییە دوولایەنەدا، واتە پەیوەندیی نێوان داگیرکەر و داگیرکراو وڵاتە داگیرکەرەکەش تا ڕادەیەک دەکەوێتە ژێر کاریگەریی وڵاتە داگیرکراوەکە، بەڵام کاریگەریی داگیرکەر زیاترە لەسەر داگیرکراوەکە، چونکە داگیرکەر بە هۆی باڵادەستییەکەی بە زۆر کولتووری خۆی دەسەپێنێت بەسەر وڵاتە داگیرکراوەکە و هەوڵدەدات لە هەموو ڕوویەکەوە وڵاتە ژێردەستەکە بگۆڕێت و لە ڕووی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، خێزان، ئەدەبیات، زمان و تەنانەت شێوازی ژیان کردنیش کاریگەریی خۆی لەسەر بەجێبهێڵێت. دواجار ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی دژایەتی لە نێوان داگیرکەر و داگیرکراودا، چونکە دەستبردن بۆ گۆڕینی ژیان و کولتوور و کۆمەڵگەی خەڵکە داگیرکراوەکە دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕقێکی زۆر لە لایەن خەڵکە ژێردەستەکە، لەبەرئەوەی ((لەم پەیوەندییەدا دوولایەنەدا... داگیرکەر بە نەژادی باڵاتر، پێشکەوتووی خاوەن شارستانییەت، من، هەروەها داگیرکراویش بە مرۆڤێکی کێوی و دوور لە

شارستانیەت و ئەوی تر، دەناسێندرێت)) (یانگ ، ١٣٩١: ١٥٢). لەو کاتەشدایە، کە پۆست کۆلۆنیالیزم سەرهەڵدەدات.

کەواتە ئەگەر پۆست کۆلۆنیالیزم گوزارشتکردن بێت لەو ئاڵوگۆڕە کولتوورییەی کە لە ژێر پڕۆسەی داگیرکاریدا لە نێوان داگیرکەر و داگیرکراودا دێتەکایەوە، ئەوا تیۆرێک کە لەم بابەتە دەکۆڵێتەوە تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزمە، تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم کۆمەڵێک تێڕوانینی تیۆری و ڕەخنەییە کە لە پڕۆسەی کاریگەرییەکانی جێگۆڕکێی کولتووری دەکۆڵنەوە، گرنگی بە تێڕوانینەکانی پەیوەست بە خۆڕاگری و بەرگریی داگیرکراوەکان دەدەن و ئەوە دەخەنەڕوو، کە داگیرکراوەکان چۆن بەرگری لە ناسنامەی کولتووریی خۆیان دەکەن، (برتنز، ١٣٩٦: ٢٥٦). یاخود ئەم تیۆرە ((لەخۆگری کۆمەڵێک تێڕوانینی تیۆری و ڕەخنەییە کە هەر لە یەکەمین ڕۆژەکانی داگیرکارییەوە بە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە تاوتوێی پەیوەندیی نێوان داگیرکەر و داگیرکراو دەکەن و لێی دەکۆڵنەوە، پرسی پێگەی بابەتی کۆلۆنیالیزم و پۆست کۆلۆنیالیزم لە هەموو ئەو تێڕوانینە تیۆری و ڕەخنەییانە بابەتی سەرەکینە)) (مکاریک، ١٣٩٣: ٣٣٥). بەو پێیەی ((تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەیی و بە پشتبەستن بە کاریگەرییەکانی داگیرکاری لێکدانەوە و شیکردنەوە بۆ گوتاری داگیرکاری دەکات، هەوڵدەدات لە ڕێگەی دووبارە خوێندنەوە و لێکدانەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ مێژووی ڕابردوو لە بارودۆخی ئێستا تێبگات)) (بنت و تریودی، ١٣٩٣: ١٠). لە پڕۆسەی داگیرکاریدا داگیرکەر هەمیشە لە هەوڵی بەرهەمهێنانی گوتارێکدایە سەبارەت بە داگیرکراو، تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزمیش زیاتر لە هەموو شتێک پەیوەندی بە شیکردنەوە و لێکدانەوەی گوتاری داگیرکاری و بەرهەڵستکردنی بابەتی ئیمپریالیستی و دەسەڵاتخوازی مرۆڤی ڕۆژئاواییەوە هەیە، ئەم تیۆرە لە هەوڵی خستنەڕووی ئەو خاڵەدایە، کە دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی کە لایەنە کلیلییەکانی ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزمیان لە سەدەی ١٨- ١٩ مدا

پێکهێنابوو، هاوکات بوونە هۆی بەرهەمهێنانی کۆمەڵێک گوتار کە تێیاندا جودابوون و سەربەخۆبوونی خەڵکی ئاسیا و ئەفریقا وەکو ناسنامە و شوناسێکی سەربەخۆ نکۆڵی لێدەکرا، لە ڕووی کولتوورییەوە داگیردەکران، هەروەها زاڵبوون و لەپێشتربوونی کولتووری و ئەخلاقیی دەسەڵاتە داگیرکارە ڕۆژئاواییەکانیش بەردەوام و بەبێ هیچ دوودڵی یان شاردنەوەیەک جەختی لەسەر دەکرایەوە و پشتگیریی لێدەکرا. بەم شێوەیە ڕەخنەی پۆستکۆلۆنیالیزم لە هەوڵی سڕینەوەی ڕەگەزپەرستی و نەتەوەپەرستی و ئەویترسازیی سەرکوتکارانەی ڕۆژئاوایە کە لە ئەمڕۆدا بە هاوکاریی بەرهەمی کولتووری و ئەدەبی و هزری ڕۆژئاوایی پەرەی پێدەدرێت (بنت و تریودی، ١٣٩٣: ١٥). دواجار داگیرکەران لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی ئەم گوتارانەوە بۆ داگیرکردنی خاک و سەرزەمینی خەڵکانی تر شەرعییەتیان بە خۆیان دەدا.

داگیرکەرەکان لە بەرهەمهێنانی گوتارەکانیاندا هەمیشە خۆیان بە باڵادەستتر بەرانبەر بە داگیرکراوەکان نیشاندەدەن، تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزمیش وەکو بوارێکی لێکۆڵینەوەی ئەم مەیدانە جیا لەوەی لە گوتاری داگیرکاری و ئاڵوگۆڕی کولتووری دەکۆڵێتەوە لە هەمان کاتدا ئەم گوتارە ڕەتدەکاتەوە، وەک دەبینین ئەم ڕەتدانەوەیەی باڵادەستیی ڕۆژئاوا لە چەندین پێناسەی پۆست کۆلۆنیالیزمدا ڕەنگیداوەتەوە. ((تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم بە لێکدانەوەی کولتووری دادەنرێت کە دژی ئەم جۆرە ناساندنە دەوەستێتەوە و پشتگیری لە چینی ژێردەستە و پەراوێزخراوەکان دەکات)) (یانک، ١٣٩١: ١٤). یان ((یەکێک لە گرنگترین بیرۆکەکانی تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم لەناوبردنی سەنتەریەتی کولتووری ڕۆژئاوا و بەهاکانیەتی)) (زرین کوب، ١٣٩٦: ٤٠٧). بە هەمان شێوە لە پێناسەیەکی تریشدا هاتووە: ((تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم هەوڵدەدات ئەو هێزەی کە لە ڕێگەی کرداری داگیرکاری بنیاددەنرێت ناڕەوا پیشانبدات. لە ڕوانگەی ئەم تیۆرە خەڵکی ڕەسەن گیرۆدەی ململانێن دژی بیروباوڕ و

بایەخەکانی و داب و نەریت و ئەو کولتووورە نوێیەی کە نەک تەنیا ئاوێتەی کولتوورەکەیان بووە، بەڵکو نکۆڵی لێدەکات و ڕەتدەکاتەوە. بارودۆخی پۆست کۆڵۆنیالیزم بارودۆخێکە کە تێیدا خەڵکی داگیرکراو ئارەزووی سەربەخۆیی دووبارە و ڕزگاربوون لە دەستی داگیرکەرەکانیان و لە هەوڵی دۆزینەوەی ناسنامە لەدەستچووەکەی خۆیانن و هەوڵدەدەن بۆ بەدەستهێنانی ناسنامە و شوناسێک کە لەلایەن داگیرکەرانەوە نەشێوێندرابێت)). (بنت و هریش، ١٣٩٣: ٩)، کەواتە تیۆری پۆست کۆڵۆنیالیزم جیا لەوەی کە گوتاری داگیرکەر ڕەتدەکاتەوە لە شێوازی بەرهەڵستیکردنی داگیرکراوەکانیش بەرانبەر بە داگیرکەران دەکۆڵێتەوە.

وەک لە سەرەتای بابەتەکە ئاماژەمان پێکرد تیۆری پۆست کۆڵۆنیالیزم تیۆرێکی بەرفراوان و بەربڵاوە و لە زۆربەی بوارەکاندا خۆی دەبینێتەوە، یەکێک لەو بوارانە بواری ئەدەبیاتە، چونکە ئەگەر تیۆری پۆست کۆڵۆنیالیزم لێکۆڵینەوە لە کاریگەرییە کولتوورییەکان بکات، ئەوا ئەدەبیات وەکو بەشێک لە کولتووری هەر نەتەوەیەک زۆرترین ئەو کاریگەرییانەی تێدا ڕەنگدەداتەوە، بۆیە بواری ئەدەبیات دەبێتە یەکێک لە کەرەستەکانی لێکۆڵینەوەی ئەم تیۆرە. لەم ڕوانگەیەوە تیۆری پۆست کۆڵۆنیالیزم بریتییە لە ((لێکۆڵینەوەکردن لە ئەدەبیاتی نەتەوە داگیرکراوەکان و بەرهەمی ئەو نووسەرانەی کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە وڵاتە داگیرکەر و داگیرکراوەکاندا ژیاون، چونکە ئەم نووسەرانە پێیانوایە کە نووسینی مێژوو، بیرەوەری و ئەدەبیات و کولتووری خۆجێیی و خۆماڵی باشترین ڕێگەی بەرەنگاربوونەوە و وەستان دژی داگیرکەرانە)) (حیدری و ربیع زادە، ١٣٩٥: ٣١). ئەم تیۆرە وەک بوارێک لە نێو بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا هەم وەک بابەتێکی دیار و ڕوون و هەم وەک چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ خوێندنەوەی هەژماردەکرێت. تیۆری پۆست کۆڵۆنیالیزم وەکو بابەت لە ئەدەبیاتێک دەکۆڵێتەوە کە بەرهەمی

ئەو کولتوورانەیە لە ئەنجامی کاردانەوەیان بەرانبەر بە دەسەڵاتی داگیرکەران هەر لە دەستپێکی داگیرکاری تا ئێستاش سەریانهەڵداوە. ئەو ئەدەبیاتەش لەلایەن داگیرکەران و داگیرکراوان بەرهەمهاتووە.

ئەم تیۆرە وەکو چوارچێوە لە هەوڵی تێگەیشتنی کاریگەریی لایەنی (سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و دەروونی) ئایدۆلۆژیاکانی داگیرکاری و دژە داگیرکارییە. بۆ نموونە بەشێکی زۆری تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم لەو هێزە ئایدۆلۆژییە دەکۆڵێتەوە، کە لە لایەکەوە داگیرکراوەکان ناچادەکات کە بەهاکانی داگیرکەران پەیڕەوبکەن و لە لایەکی تریشەوە دەبووە هۆی پەرەسەندنی خۆڕاگری و بەرەنگاربوونەوەی نەتەوە ژێردەستەکان بەرانبەر بە فەرمانڕەوا ستەمکارەکانیان. وەک بینیمان ئەگەر بمانەوێت بەپێی تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم لە دەقێک بکۆڵینەوە مەرج نییە کە دەبێت ئەو دەقە لە ژێر ناونیشانی پۆست کۆلۆنیالیزمدا پۆلێنکرابێت، چونکە ئایدۆلۆژییەکانی داگیرکاری و دژە داگیرکاری دەتوانن لە هەموو دەقێکدا هەبێت. (تایسن، ١٣٨٧: ٥٢٩ـ ٥٣٠). بۆیە پۆست کۆلۆنیالیزم یەکێکە لە تیۆرە گرنگەکانی خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی.

جیا لەو پێناسە و تێڕوانینانەی بۆ چەمکی تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم خراونەتەڕوو، چەند ئامانجێکیش بۆ تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم دیاریکراون: سەرەکیترینیان پێداچوونەوە و دووبارە خوێندنەوەی مێژووی کۆلۆنیالیزم بە دید و تێڕوانینی داگیرکراوەکان؛ دەستنیشانکردن و خستنەڕووی کاریگەریی ئابووری، سیاسی، کولتووری، داگیرکەر هەم لەسەر خەڵکی داگیرکراو و هەم لەسەر هێزەکانی داگیرکاری، لێکدانەوە و شیکردنەوەی پرۆسەی ڕزگاربوون لە داگیرکاری، لە هەموو ئەمانەش زیاتر هاوبەش بوون لە ئامانجەکانی ئازادیی سیاسی کە بەدەستهێنانی سەرچاوەی ماددی یەکسان و نارەزایی لە شێوەکانی دەسەڵات و

دەرخستن و خستنەڕووی شوناسە سیاسی و کولتوورییەکان لەخۆدەگرێت (حبیب، ١٣٩٦: ٢٢٨).

لە کاتێکدا کە ئەم بوارەی لێکۆڵینەوە گفتوگۆیەکی چەند پسپۆڕیی ئاڵۆزی لە ناو زانستە مرۆڤایەتییەکاندا بەرهەمهێناوە، هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا هەموو جۆرە یەک تێڕوانینی و یەک ئاراستەیی هەڵدەوەشێنێتەوە و لە ئەنجامدا ڕێککەوتنێکی کەم لەسەر پێکهاتە و پەیوەندییە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوەکانی پۆست کۆلۆنیالیزمدا هەیە (گاندی، ١٣٩١: ١٢).

## ١ـ٢ دووڕەگیبوون

لە ڕووی زاراوەوە دووڕەگیبوون  واتایەکی فراوانی هەیە و لە زۆر بواردا بەکاردەهێنرێت، لە بواری باغەوانیدا ئەم زاراوەیە بە واتای ئاوێتەکردن یا دووڕەگەکردنی دوو جۆر گیا یا دار لە ڕێگەی موتوربەکردن بۆ دروستکردن و بەرهەمهێنانی جۆری سێیەم (جۆری ئاوێتەکراو) دێت. لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەکانیشدا گوزارشت لە ئاوێتەیی و تێکەڵاویی زمانی، کولتووری، سیاسی، نەژادی، ... تاد دەکات (عضدانلو، ١٤٠٠: ٣٨١). ئەم زاراوەیە بە گشتی لە زۆربەی بوارەکاندا هەر هەمان واتا دەدات، بەو واتایەی لە زۆربەی بوارەکاندا ئاماژەیە بۆ ئاوێتەیی و تێکەڵاوی دوو یا سێ یا زیاتر ڕەگەزی جیاواز کە جۆرێک یان ڕەگەزێکی جیاوازی تری لێ بەرهەمبێت. لە بواری پۆست کۆلۆنیالیزمیشدا دووڕەگی ((بە واتای دروستبوونی شێوە نوێیە کولتوورییەکانە، کە لە ئەنجامی ئامادەیی داگیرکار لە ناوچەی بە یەکگەیشتن و بەریەککەوتن هاتوونەتە کایەوە)) (رشیدی، ١٣٩٣: ١٥٠). یاخود ((تێکەڵبوونی (ئاوێتەبوونی) چەند شێوە و شێوازێکی ژیانە کە سەردەمانێک جیاو و لێکدابڕاوبووینە)) (شاهمیری، ١٣٨٩: ١٦٣)، کەواتە دەتوانین بڵێین دووڕەگی ئەنجام و بەرهەمی پرۆسەی داگیرکارییە و لەو

کاتەی کە بەریەککەوتن لە نێوان کولتووری داگیرکەر و داگیرکراو دێتە ئاراوە و پەیوەندی لە نێوانیاندا دروستدەبێت، فۆڕمێکی نوێی کولتووری دروستدەبێت کە نە بە تەواوی سەر بە کولتووری داگیرکەرە و نە بە تەواوی سەر بە کولتووری داگیرکراوە، بەڵکو شێوەی سێیەمە و ئاوێتەیەکە لە هەردووکیان، بەمەش تاکی دووڕەگە یا چەندڕەگە دروستدەبێت.

لە بواری پۆست کۆلۆنیالیزمدا هۆمی بابا بە بنیاتنەری تیۆری دووڕەگیبوون دادەنرێن و ئەم چەمکە لە ڕێی لێکدانەوە و شیکردنەوەکانی ئەوەوە دێنە ناو تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم، ((بۆ بابا دوورەگیبوون پەراوێزێکە کە جیاوازییە کولتوورییەکان تێیدا لەگەڵ یەکتر هەڵسوکەوت دەکەن و پەیوەندی لەگەڵ یەکتر دروستدەکەن)) (شاهمیری، ١٣٨٩: ١٦٠). بابا دووڕەگیبوون وابەستەی دۆخی بەرهەمهاتووی پڕۆسەی داگیرکاری دەکات و پێیوایە ئاوێتەیی کولتووری تایبەتمەندییەکی دیار و بەرچاوی کولتووری داگیرکارییە، ئەم دیدەی باباش پەیوەندی بە ڕوانینی ئەوەوە بۆ کارلێک و پەیوەندیی نێوان داگیرکەر و داگیرکراو لە دۆخی داگیرکاریدا هەیە. لە ڕوانگەی ئیدوارد سەعیدەوە هیچ پەیوەندییەکی دوولایەنە لە نێوان داگیرکەر و داگیرکراودا نییە، بەڵام بابا ((بەو سەرەنجەی دەیگرێتە کارلێکی نێوان ئەم دوو لایەنە، گۆڕانکاری و دانوستانی گرنگ لە نێوان هەردوو بەرە دەکەوێتە بەرچاوی. بها بها چەقی سەرنجی خۆی لە "حوکمڕانیی پڕ لە زەنا زەنای دەسەڵاتداریی داگیرکەری" و "بە بێدەنگی و شل شل سەرکوتکردنی نەریتە خۆماڵییەکان" دەگوازێتەوە بۆ "دووڕەگەبوونی داگیرکەری". ئەو وای لێکدەداتەوە کە کارلێک و تەعامولی کولتوریی نێوان داگیرکەر و داگیرکراو دەبێتە هۆی تێکەڵبەیەکبوونی فۆڕمە کلتورییەکان)) (بێرتێنز، ٢٠١٥: ٣٥٨)، چونکە لە ئەنجامی پەیوەندیی دوو لایەنەی نێوان داگیرکەر و داگیرکراو ((کۆمەڵێک شێوە و فۆڕم لە فرە کولتووریبوون دروستدەبن

کە یەکگرتویی و یەکێتیی کولتووری تووشی گۆڕان دەکەن. جیاوازیی کولتووری لە پانتایی ئەم ئاوێتەبوونەدا کاردەکات و کولتووری نوێ لە سنووری نێوان ئەم ئاوێتەبوونە کولتوورییەدا دروستدەبێت. هەردوو لای ئاڵوگۆڕ لەم دۆخەدا جێدەگرن و جۆرە وابەستەییەکی دوو لایەنەی خودیبوون لەم نێوەندەدا دروستدەبێت. لە بارودۆخێکی دژیەک و ناجێگیردا ناسنامەی کولتووری دروستدەبێت)) (رشیدی، ١٣٩٣: ١٥٠) ئەو نێوەندەی کە بەریەککەوتنی کولتوورەکانی تێدا ڕوودەدات و دەبێتە هۆی دروستبوونی دووڕەگی و تاکی دووڕەگە یان چەند ڕەگە، بابا ناوی دەنێت فەزای سێیەم، ئەم فەزایەش کاتێک دروستدەبێت کە ((هێزەکانی داگیرکاری ڕووبەڕووی گروپەکانی داگیرکراو دەبنەوە یا بەریەککەوتن لە نێوانیاندا دروستدەبێت. لە سەرەتای ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیەدا و لەم فەزا لێکدابڕاوەدا، خودە داگیرکراوەکان هەم شارەزایی و ئاگاییان لە بارەی ناسنامەی ڕەسەنی خۆیان هەیە، هەم دەتوانن بە جوانی باسیبکەن و شیبکەنەوە. بەردەوامیی ئەم ڕووبەڕوونەوەیە داگیرکراوەکان گیرودەی جۆرە گرفتێکی هۆشەکی و سۆزدارییان دەکات، کە ئەنجامەکەی دەرکەوتنی ئەو سوژانەیە کە نە خۆیانن و نە ئەوی تری داسەپاو یا هەم خۆیانن، هەم ئەوی تری داسەپاو)) (عضدانلو، ١٤٠٠: ٣٨١ ـ ٣٨٢)، کەواتە فەزای سێیەم فەزایەکە کە لە ڕەهەندەکانی زەینی، فیزیکی و زمانی کە لایەنە سەرەکییەکانی دروستبوونی کولتوور و ناسنامەن، دەبێتە خوڵقێنەری خودەکان بە ناسنامەی کولتووریی جیاواز. دواجار کاریگەرییەکانی ئەم ئاوێتەیی کولتوورییە ئەوەیە، کە خودە داگیرکراوەکان وەک ئەو ژێردەستانە دەژین کە لە دۆخی هەژموونی کولتووریی داگیرکەران ناچارن ئەو بارودۆخە قەبولبکەن و بەرگەی بگرن. لە هەمان کاتیشدا خودە داگیرکراوەکە هەوڵدەدات سەرەڕای پاراستن و دەربڕینی ناسنامەی ڕەسەنی خۆی ڕوانگە و جیهانبینییێکی نوێش بخوڵقێنێت تاکو بتوانێت خۆی لەگەڵ هەژموونی کولتووری داگیرکەران بگونجێنێت. ئەمەش وا دەکات داگیرکراو بە ئاوێتەکردنی کولتووری خۆی و

کولتووری داگیرکەر ببێتە خولقێنەری کولتوورێک کە لە یەککاتدا نە کولتووری خۆیەتی و نە هی داگیرکەر و لە هەمانکاتدا هەم کولتووری خۆیەتی و هەم کولتووری داگیرکەریش، بەمەش فەزای سێیەم و کولتووری بەرهەمهاتوو تێیدا پەیوەستەیەکە لە فەزای یەکەم واتە کولتووری خۆماڵیی داگیرکراوان و فەزای دووەم، هەژموونی کولتووری داگیرکەران (عضدانلو، ١٤٠٠: ٣٨٢)، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردن و بەرهەمهێنانی تاکێک کە هەڵگری کولتوورێکی دوورەگەیە و بە تەواوی لەسەر هیچ یەکێک لە کولتووری خۆماڵی و کولتووری داگیرکەر ساغنابێتەوە.

هۆمی بابا لە ڕێگەی چەمکی دوورەگیبوون دژیەکەکان و لەرزۆکی و ناجێگیریی گوتاری داگیرکاری ئاشکرا دەکات و دەخاتەڕوو. بابا باوەڕی وایە ئامادەیی ئەوی تری داگیرکراو لە پێکهاتەی دەقەکانی گوتاری داگیرکەران نیشانەیە بۆ لەرزۆکی و ناجێگیریی ئەو دەقانە، بۆیە پێیوایە پێگەی داگیرکەریش لە بەرانبەر ئەوی تری داگیرکراو ناجێگیر و لەرزۆکە. لە لایەکی تریشەوە بابا پێیوایە چەمکی دوورەگیبوون گێڕانەوەکانی دەسەڵاتی داگیرکاری و دەسەڵاتی کولتوورییان لەناودەبات، لە بەر ئەوی بە هاتنە ناوەوەی خودە دوورخراوەکانی پێشوو بۆ ناو پێکهاتەی دەسەڵاتی کولتووری داگیرکەران، گوتاری باڵادەست تێکدەشکێت، ئەوەش بەو واتایەیە کە کولتووری داگیرکەر ئاوێتەی کولتووری داگیرکراو دەبێت. بە واتایەکی تر، دەتوانین بڵێین بابا پێیوایە کە دوورەگیبوون بە ڕوونی لەرزۆکی و ناجێگیری لە گوتاری داگیرکاری نیشاندەدات، چونکە کۆچی وەحشییانی دوێنێ بۆ ماڵی ئاغایان دەبێتە خولقاندنی درز لەو پێکهاتانەی کە داگیرکەران خوازیاری پاراستنیانن(عضدانلو، ١٤٠٠: ٣٨٢ ـ ٣٨٣ و کریمی، ١٣٩٦: ٦١ ـ ٦٢ ). ئەمەش دەریدەخات کە گوتاری داگیرکاری هەر لە بنەڕەتدا گوتارێکی ناتەواو و ناسەقامگیرە و بەڕاڕایی و لەرزۆکی ڕوخساری گرتووە.

ئەم دید و تێڕوانینانەی بابا لای هندێک لە ڕەخنەگرانی پۆست کۆلۆنیالیزم بەرهەڵستیان لێدەکرێت و ڕەتدەکرێنەوە، پێیان وایە بابا بە هۆی ژیانکردنی لە دەرەوەی نیشتیمانە داگیرکراوەکەیدا بەرکەوتنی لەگەڵ بارودۆخی ژێر دەسەڵاتی داگیرکاری نەبووە و بە بێ تێگەیشتن و زانینی ڕاستییەکان و واقیعییەتی داگیرکاری تیۆر دادەڕێژێت، بۆیە پێیان وایە ئەم تیۆرانە لە پشتی مێزەوە بەرهەمهێنراون، و ئەگەر لە ڕووی تیۆریشەوە ڕاست بن، ئەوا لە لێکدانەوەی کردەوەکانی ڕۆژانەی فەرمانڕەوایی داگیرکاری کەڵکیان نییە و هیچ پەیوەندییان بە بابەتەکەوە نییە. لەسەر ئەو بنەمایەشە مارکسیسستە پۆست کۆلۆنیالییەکانی وەک ئیجاز ئەحمەد پێیانوایە کە بابا و نائەوروپییەکانی تری بە ڕۆژئاواییبوو لە دۆخێکی گونجاودا نین تا بە ناوی خەڵکی داگیرکراو و ئەو خەڵکانەی کە لە بەردەم داگیرکاریی نوێدان، قسە بکەن(بێرتێنز، ٢٠١٥: ٣٥٩ ـ ٣٦٠). سەرەڕای ئەو ڕەخنانەی کە ئاراستەی بابا کراون، ئەو توانیویەتی بە سەرنجدان بە کارلێک و پەیوەندیی نێوان داگیرکەر و داگیرکراو و هێنانە ئارای چەمکی دووڕەگیبوون ئاستی وشیاریی ئاگایی ئێمە سەبارەت بەو شتەی کە لە ڕاستیدا لە دۆخی داگیرکاری و لە بنەڕەتدا لە هەر جۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیەک کە لە نێوان باڵادەست و ژێر دەستدا ڕوودەدات یان لەوانەیە ڕووبدات، زیاتر بکات و بەرزبکاتەوە. ئەگەر ئیدوارد سەعید هانمان دەدات تاوەکو گومان لەو وێنانە بکەین کە ڕۆژئاوا سەبارەت بە ڕۆژهەڵات بەرهەمیهێناون، ئەوا بابا داوامان لێدەکات هەڵوەستە لەسەر ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەقینەی نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات بکەین و لێی وردبینەوە. (بێرتێنز، ٢٠١٥: ٣٦٠)

## بەشی دووەم: ڕەنگدانەوەی دووڕەگیبوون لە ڕۆمانی هوتێل ئەورووپادا

دووڕەگیبوون بەرهەمی بەریەککەوتنی دوو کولتووری داگیرکەر و داگیرکراوە، باڵادەست و ژێردەستە، لەو کاتەی کە ئەم دوو کولتوورە بەریەکدەکەون فۆرمێکی نوێی کولتووری دێتە ئاراوە کە بە تەواوی سەر بە هیچیان نییە، چونکە لە پەیوەندیی نێوان کولتووری داگیرکەر و داگیرکراو فەزای سێیەم دروستدەبێت، کە جۆرێک ئاوێتەیی کولتووری تێیدا ڕوودەدات و تاکی دووڕەگە بەرهەمدێت. ئەمە بۆ ئەو ئاوارە پەناهەندە ڕۆژهەڵاتییانەش کە ئاوارەی ڕۆژئاوا دەبن یان کۆچ دەکەن ڕاستە، بەو واتایەی تاکی ڕۆژهەڵاتی کاتێک ئاوارەی ڕۆژئاوا دەبێت دەکەوێتە ژێر کاریگەریی هەژموونی کولتووری ڕۆژئاوا و لاسایی ئەوان دەکاتەوە، بەمەش تاکێکی دووڕەگەی لێ بەرهەمدێت. ((تاکی پەناهەندە بە بەراورد لەگەڵ فەزای پێشوو لە فەزایەکی نوێدا جێ دەگرێت، بێ گومان لەو فەزا نوێیەشدا کولتوورێکی نوێ بە شێوەیەکی زۆرەکی و نائاگایانە لە ئەنجامی ئاوێتەبوون و تێکەڵبوونی هەردوو کولتووری داگیرکەر و داگیرکراو دروستدەبێت، لە فەزایەکی دژیەک و دوولایەنە و نێوانی دووچاری سەرگەردانی و سەرلێشێواوی دەبێتەوە)) (حیدری و ربیع زادە، ١٣٩٥: ٤٠). ڕۆمانی هوتێل ئەورووپاش گوزارشت لە ژیانی ئاوارەیی و پەناهەندەیی تاکی ڕۆژهەڵاتی لە ڕۆژئاوا دەکات، کاراکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە بە هۆی ئاوارەیی و ژیانی پەناهەندییان لە فەزای ڕۆژئاوا دووچاری هەمان حاڵەتی دووڕەگی بوونەتەوە و ڕەفتار و کرداریان گوزارشت لە تاکێکی دووڕەگە دەکەن. لە ڕۆمانەکەدا پەناهەندە ڕۆژهەڵاتییەکان کەوتوونەتە بەر زەبری کولتووری ڕۆژئاوایی و خۆیان لە بەر هەژموونی ئەم کولتوورە ڕانەگرتووە و بە ئاگایی بێت یان نائاگایی کەوتوونەتە لاساییکردنەوەی کولتوور و ژیانی ڕۆژئاواییەکان، بەمەش

تاکی دوورەگەیان لە ڕووی ناسنامە: کولتوور، ئاین و زمان لێ دەرچووە. لێرەدا هەوڵدەدەین بە جیا باسی هەریەکێکیان بکەین.

**٢-١ دوورەگیبوونی ناسنامە**

ناسنامەی هەر نەتەوەیەک گوزارشتە لە زمان، کولتوور، دابونەریت، هونەر، ئاین، خواردن، جل و بەرگ، زەوق و سەلیقە و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و ... تاد. تاکەکانی هەر نەتەوەیەکیش وەکو ئەندامێک لە نێو کۆمەڵگای خۆیان دەبنە هەڵگری هەمان ناسنامەی نەتەوە و کۆمەڵگای خۆیان، بەڵام ئەم ناسنامەیە لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکاری یا کولتوورێکی باڵادەست یاخود بە هۆی کۆچ بۆ سەرزەمینێکی تر بەریەککەوتنی لەگەڵ ناسنامەی نەتەوە و خەڵکانی تر دەبێت، بەمەش ناسنامە دەگۆڕێت و لە ئەنجامی ئەم بەریەککەوتنە ناسنامە تووشی دوورەگیبوون دێت، ناسنامەیەک دێتەکایەوە کە بە تەواوی سەر بە هیچیان نییە، بەڵکو ئاوێتەیەکە لە هەردووکیان لێرەشەوە تاکێک دروستدەبێت کە هەڵگری ناسنامەیەکی دوورەگەیە.

ناسنامە شتێکی چەسپاو و جێگیر و نەگۆڕ نییە، بەردەوام لە حاڵی بەریەککەوتن و مامەڵەی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتر، ناسنامەکەیان دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە و دەگۆڕێت، چونکە لە ئەنجامی ئەم بەریەککەوتنە فەزایەکی نێوانی یان فەزای سێیەم دروستدەبێت کە تێیدا ئاڵوگۆڕی کولتووری و زمانی و ئاینی و ... تاد، تێدا دروستدەبێت، بە گۆڕانی ئەمانەش کە پێکهاتەی هەر ناسنامەیەکن، ناسنامە دەگۆڕێت و تاکێک بەرهەمدێت کە هەڵگری ناسنامەیەکی دوورەگەیە. لە ڕۆمانی هوتێل ئەوروپاشدا پەناهەندە ڕۆژهەڵاتییەکان بە هۆی کۆچیان بۆ سەرزەمینی ڕۆژئاوا تووشی دوورەگیبوونی ناسنامە بوونەتەوە، چونکە ((بە گۆڕینی شوێن ناسنامە دوچاری گۆڕان دەبێت)) (فاتحی و دیگران، ؟ : ١٨٢)، تاکە ڕۆژهەڵاتییەکان لە ئەنجامی بەریەککەوتنیان لەگەڵ کولتوور و کۆمەڵگای

ڕۆژئاوایی دوچاری دووڕەگیبوون بوونەتەوە و ناسنامە کولتووری و دینی و زمانییەکەیان کەوتۆتە ژێر پرسیار و تووشی گۆڕان بوون، بۆیەشە دەبینین هەمیشە پرسیار لە ناسنامەی خۆیان دەکەن و کەوتوونەتە دۆخێکی سەرگەردانی و بێماڵییەوە.

لەم ڕۆمانەدا فەرهاد و محەمەدی حاجی زادە لە هەموو کاراکتەرەکانی تر زیاتر دوچاری دووڕەگیبوونی ناسنامە بوونەتەوە، بە جۆرێک وایان لێهاتووە بەردەوام پرسیار لە بوون و ناسنامەی خۆیان بکەن. محەمەدی حاجی زادە لە گفتوگۆیەکی نێوان خۆی و فەرهاد زۆر بە ڕوونی ئەمە دەخاتەڕوو کاتێک دەڵێت: ((ئێمە هەم وڵاتی خۆمان دەرمان دەکات و ئازادیمان لێ دەسەنێتەوە، هەم وڵاتانی ڕۆژئاواش دەرگامان لە ڕوو دادەخەن. سەرگەردان و دەرکراوی هەمیشەیی، هەرگیز نابینە خاوەن ناسنامەی تایبەتی خۆمان، ئێمە هیچ ناسنامەیەکمان نییە.

ئینجا بە هەستێکی برینداری تووڕەوە:

ـ من ئێستا چیم؟ کێم؟ بەس پێم بڵێ!)) (پیرباڵ، ٢٠١٧: ٢٨). وەک دەبینین حاجی زادە لە قەیرانێکی قوڵی بێ ناسنامەییدا دەژیت، بە هۆی کۆچ بۆ وڵاتی فەڕەنسا ناسنامە ڕەسەنەکەی خۆی لە دەستداوە و کەوتۆتە دۆخێکەوە کە بابەتی ناسنامە لای ئەو پرسێکی سەرەکی بێت، دوورکەوتنەوە لە ناسنامە ڕەسەنەکەی خۆی و تێکەڵبوون بە خەڵک و خاک و دنیاییێکی نوێ ئەوی تووشی دووڕەگیبوونی ناسنامە کردۆتەوە بە جۆرێک کە وا هەست بکات هیچ ناسنامەیەکی نییە.

فەرهادیش زیاتر لە محەمەدی حاجی زادە لە قەیرانی بێناسنامەییدا دەژیت، کاتێک دەڵێت: ((دوای ئەو هەموو ساڵ نیگارکێشان و کاری هونەرییە لە پاریس، بیرم لەم قسانەی مسیۆلووسیانا دەکردەوە و بە خۆمم دەگوت: " ڕاستە! ئەوا یازدە ساڵ زیاترە من لە ئەورووپا نیگار

دەکێشم؟ .. من کێم؟ گەیشتوومەتە چی؟ .. چیم؟ من لە ئەوروپا مانام چییە؟")) (پیربال، ٢٠١٧: ١٧٣). فەرهاد بە هۆی ئەوەی چەندین ساڵ پێش حاجی زادە هاتۆتە پاریس، بۆیە زیاتر تێکەڵ بە کولتوور و ژیان و کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی بووە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی زیاتر لە حاجی زادە دووڕەگیبوونی ناسنامەی تێدا دەرکەوێت و زیاتر هەست بە سەرگەردانی و پەرێشانی و لەخۆنامۆبوون بکات. فەرهاد سەرباری ئەوەی لە فەڕەنسا لە ژیانێکی خۆشدا ژیان بەسەردەبات و لە هیچ ڕوویێکەوە کەم و کورتی نییە، بەڵام هەست بە بۆشاییەکی ڕۆحی دەکات، بۆشاییەک کە بە دوورکەوتنەوە لە ناسنامە ڕەسەنەکەی و ئاوێتەبوون بە کولتوور و کۆمەڵگایەکی تر دوچاری هاتووە، ئەمەش کردوویەتی بە تاکێک کە هەڵگری ناسنامەیەکی دووڕەگە بێت، ناسنامەیەک کە سەرگەردانی کردووە ((ژیانم لە سانت مالۆ لێوانلێوی نیگارکێشان و قازانج و کارکردن بوو، بەڵام لەگەڵ ئەمەش، نازانم بۆچی هەستم بە تەنیاییەکی کوشندە دەکرد و سۆزێکی غەریبی، سەرتاسەری ڕۆحمی هەپڕوون بە هەپڕوون کردبوو. نازانم چی بوو, زۆر بە تاسووقەوە غەریبیی ڕەگوڕیشەکانی خۆمم دەکرد)) (پیربال، ٢٠١٧: ١٧٣). لێرەدا ڕەگوڕیشەکانی هەمان ناسنامە ڕەسەنەکەیەتی، کە بە وەرگرتن و قبوڵکردنی ناسنامەی ڕۆژئاوایی فەرامۆشی کردبوو و لە بیریکردبوو، ئەمە ئاماژەیەکی قووڵە بۆ دووڕەگیبوونی ناسنامەی فەرهاد.

ئەو بارە دەروونییەی کە فەرهاد لە ئەنجامی دووڕەگیبوونی ناسنامەکەی تووشی بووە، هەستی بێ ماڵی و غەریبییەکی قووڵی لا دروستکردووە " بۆ یەکەمین جار لە سانت مالۆ بوو کە کەڵکەڵەی بینینەوەی دایکم و کەسوکارم بەڕاستی کەوتە مێشکەوە. ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتریش غەریبیی دایکم و شارەکەم و کەسوکاری خۆمم دەکرد. ڕاستییەکەش، زۆر جاران لە ناو نۆستالجیای خۆما بە خۆمم دەگوت: "ئەوا چەندین ساڵە من لە ئەوروپا دەسووڕێمەوە؟ من لێرە کێم؟ .. چیم؟

من لە ئەوروپا مانام چییە؟ کێ دەمناسێ؟ " (پیربال، ٢٠١٧: ١٧١ ـ ١٧٢). ئەم هەستی نۆستالۆژی و حەزی گەڕانەوە بۆ ناو خێزان و نیشتیمان سەرباری ئەو هەستە گشتییەی کە لای هەموو تاکێک لە دووریی خێزان و نیشتیمان دروستدەبێت، حەزێکی گەڕانەوەیە بۆ کولتوور و نەریت و ناسنامە ڕاستەقینەکەی، لێرەدا هەریەکە لە خێزان و شار (نیشتیمان) گوزارشتن لە کولتوور و نەریتی خۆماڵی کە لە ئامێزی دایک و نیشتیمان لە منداڵییەوە فێریان بووە و خووی پێوەگرتووە، بەڵام ئەم کولتوور و نەریتانەی بە هۆی ژیان لە کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی و کەوتنە فەزای سێیەم، لە دەستیداوە و ئاوێتەی کولتوور و نەریتی کۆمەڵگایەکی تری کردووە.

فەرهاد ئەم هەستی بێ ماڵی و سەرگەردانییە بە سەر گشت پەناهەندە ڕۆژهەڵاتییەکان دەگشتێنێت و پێیوایە هەموویان کەوتوونەتە فەزایەکی نێوانییەوە. "ئێمە هەموومان، نە وڵاتی خۆمان جێگەمان بۆ دەکاتەوە، نە وڵاتانی ڕۆژئاواش ئامادەن بەخێومان بکەن. لە کۆتاییدا، ئێمەی ڕۆژهەڵاتی، هەریەکەمان بە شێوەی تایبەتی خۆمان، هەتیوین" (پیربال، ٢٠١٧: ١٣). پەناهەندە ڕۆژهەڵاتییەکان بە هۆی ناسنامە دووڕەگەکەیانەوە لە هەردوو دنیاکە (نیشتیمانی خۆیان و سەرزەمینی ئاوارەیی) بێبەشبوونە، نە دەتوانن لە ناو کولتوور و کۆمەڵگای خۆیان بژین، نە ئەو سەرزەمینەی کۆچیان بۆی کردووە. ناسنامە دوو ڕەگییەکەی حاجی زادە ئەوی دوچاری بێ بەهایی لە کۆمەڵگای فەرەنسی کردووە "من لە وڵاتی خۆمدا هیچ نەبووایە ماڵێکم هەبوو، حاڵێکم هەبوو، ناوبانگێکم هەبوو. لێرە ئەسڵەن هیچ ناسنامەیەکیشم نییە. من لێرە کێم؟! چیم؟!" (پیربال، ٢٠١٧: ١٢١). هەبوونی بەها لە وڵات و نیشتیمانی خۆتدا بەشێکی بەندە بە ناسنامە ڕەسەنەکەی خۆتەوە، کاتێک کۆچ دەکەی بۆ سەرزەمینێکی تر و لە کولتوور و ناسنامەی خۆت دووردەکەوییەوە دەکەویتە دۆخێکی بێ ناسنامەییەوە، ئەم پرسیارە بەردەوامانەی حاجی زادەش (من کێم؟ چیم؟ .. تاد) گوزارشتن لەو دۆخە بێ ناسنامەییە کە لە

ناو کولتوور و کۆمەڵگایەکی تر تووشی بووە. ئەمەش وای لە حاجی زادە کردووە کە بۆ بەدەستهێنانەوەی ناسنامە لە دەستچووەکەی و خۆ ڕزگارکردن لەم ناسنامە ئاوێتەیە و گەڕانەوەی بەها بۆی، بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی " بۆ وەدەستهێنانەوەی (ناسنامە) دەبێ تەنیا بگەڕێنەوە وڵاتی خۆمان. مرۆڤ لە دوورە وڵاتیدا، بە تایبەتی لە ئەوروپا، هیچ ناسنامەیەکی نییە و قەتیش نابێ مرۆڤ تەنیا لە وڵاتی خۆیدا و لە ناو قەومی خۆیدا بەها و مانایەکی هەیە" (پیربال، ٢٠١٧: ١٩٣). بەدەستهێنانەوەی بەها و مانا و دواجار بەدەسهێنانەوەی ناسنامە، گەڕانەویە بۆ ئەو کولتوور و نەریت و بەها کۆمەڵایەتییانەی کە بنەمای شکڵگرتنی ناسنامە ڕەسەنەکەیەتی، بۆیەشە زۆر بە ڕوونی دەڵێت بۆ بەدەستخستنەوەی ناسنامە و دەربازبوون لە قەیرانی شوناسی کەسی تەنیا ڕێگە چارە گەڕانەوەیە بۆ وڵاتی خۆمان.

## ٢-٢ دووڕەگیبوونی کولتووری

دووڕەگیبوونی ناسنامە بەرهەمی دووڕەگیبوونی کولتوورییە، کاتێک بەریەککەوتنی کولتووری چ لە ڕێگەی داگیرکاری یان کۆچ یان هەر هۆکارێکی تر دروستدەبێت، سەرئەنجام کولتوورێکی دووڕەگە دروستدەبێت و تاکێکی دووڕەگە بەرهەمدێت، کە هەڵگری تایبەتمەندی و بەها کولتوورییەکانی کۆمەڵگای خۆی و کۆمەڵگای بێگانە دەبێت. لە ڕۆمانی هوتێل ئەوروپاش وەک پێشتر خستمانەڕوو کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکە بە هۆی کۆچیان بۆ ڕۆژئاوا و مانەوە و ژیانی پەناهەندەییان لە ڕۆژئاوا بەریەککەوتنی کولتووری دروستبووە. پەناهەندە ڕۆژهەلاتییەکان دووچاری دووڕەگیبوونی کولتووری بوونەتەوە و پێڕەوی لە کولتوور و نەریت و بەها ڕۆژئاواییەکان دەکەن و لاسایی ئەوان دەکەنەوە. لە گفتوگۆی نێوان فەرهاد و محەمەدی حاجی زادە و مورتەزا گوڵچین و ساقی گوڵچین زۆر بە ڕوونی درک بە دووڕەگیبوونیان دەکەین:

((ـ کاتێ دەگەیتە ئەوروپا، بەس نییە تەنیا ڕۆژهەڵاتی بیت.

مورتەزا گوڵچین لە محەمەدی حاجی زادەی پرسی:

ـ مەبەستت چییە لەم قسەیە؟

ـ ئێمەی مرۆڤی  ڕۆژهەڵاتی، کاتێ دێینە ئەوروپا، بەس نییە تەنیا ڕۆژهەڵاتی بین.

من دەمزانی مەبەستی محەمەدی حاجی زادە ئەوە بوو کە بڵێت (وەختێ مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی دێتە ئەوروپا، پێویست وایە خۆی لەگەڵ نەریتی ئەوروپا بگونجێت و فێر ببێت وەک ئەوان بیر بکاتەوە) ویستم مەبەستەکەی محەمەدی حاجی زادە بۆ مورتەزا ڕوون بکەمەوە ـ نەوەک بە هەڵە لێی تێ بگات و وابزانی توانجی تێ دەگرێ.

ـ ئاغای حاجی زادە دەیەوێت بڵێت مرۆڤی ئێرانی بێزار دەبێ هێندەی لە ئەوروپا هەمیشە هەر ئێرانییانی بژیت. ناشتوانی)) (پیرباڵ، ٢٠١٧: ١٥٨). لێرەدا هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە دەبێت پەناهەندە ڕۆژهەڵاتییەکان لاسایی ئەورپاییەکان بکەنەوە و بچنە سەر کولتوور و نەریتی ئەوان و تەنانەت وەک ئەوانیش بیر بکەنەوە، لاساییکردنەوە هەنگاوێکی سەرەکییە بۆ دروستبوونی کولتوورێکی دوورەگە و تاکێکی دوورەگە، ئەمانەش نەک تەنیا چوونەتە سەر کولتووری ئەوروپاییەکان، بەڵکو باوەڕیشیان پێیەتی و بانگەشەشی بۆ دەکەن، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە کە ئەمانە دوچاری دوورەگیبوونی کولتووری بوونەتەوە بە تایبەتی محەمەدی حاجی زادە کە پێشتر مەلا بووە و زۆر دژی کولتوور و نەریتی ئەوروپاییەکان بووە، ئێستا ئەو سەرمەشقی بانگەشە کردنە بۆ چوونە سەر کولتووری ئەوروپاییەکان، کەواتە ئەمانە زۆر بە توندی

کەوتوونەتە بەر زەبری کولتووری ڕۆژئاوایی و بە ئاگایی پێڕەوی لە بەها ڕۆژئاواییەکان دەکەن.

هەر لە درێژەی ئەم گفتوگۆیەدا مورتەزا گوڵچین پشتگیری لە قسەکانی حاجی زادە دەکات: "من بە تەواوی لەگەڵ ئەم ڕایەدام. ڕاستە. هەر ئەمەش بوو هۆی جودابوونەوەی من و فەرەحناز. تا هەتایە بۆ ئێمە ئێرانیبوون بەس نەبوو، منیش و ئەویش پێویستیمان بە (شتیکی دیکە) هەبوو .. پێویستیمان بە کەسێکی (ئەوروپی ) هەبوو.

محەمەدی حاجی زادە گوتی:

- ژن و مێرد بوون لە ئەوروپا زیاتر وات لێ دەکا هەر ڕۆژهەلاتی بمێنیتەوە" (پیربال، ٢٠١٧، ١٥٨ - ١٥٩). هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندیی خێزانیی نێوان مورتەزا و فەرەحناز بەرهەم و لێکەوتەی دووڕەگیبوونی ئەوانە، چونکە ئەوان کە لەناو کولتووری کۆمەڵگایەکی تر هاتوون و بەرکەوتەیان لەگەڵ کولتوورێکی تر هەبووە، لە ئەنجامی لاساییکردنەوەی کولتووری ئەوان گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی کە مانەوەیان لە چوارچێوەی ئەو پەیوەندییە خێزانییە کە بەرهەمی کولتوور و ئاینی خۆیانە، چیتر بە کەڵکی شوێنە نوێیەکەیان نایەت، بۆیە دەبێت لەم قاڵبە کولتوورییە بێنە دەرەوە و پێڕەوی لە کولتووری شوێنە نوێیەکەیان (فەڕەنسا) بکەن. ئەوەی لە ناو قسەکانی مورتەزادا زۆر سەرەنجڕاکێش و جێگەی لێ وردبوونەوەیە ئەوەیە کاتێک دەڵێت هەردووکمان پێویستیمان بە کەسێکی ئەوروپی هەبوو. ڕاستییەکەی پێویست بوون بە کەسێکی ئەوروپی دەلالەتێکی ڕوون و ئاشکرای دووڕەگیبوونە، چونکە کاتێک ئەم قسەیە دەکات بەو واتایەیە لە پاڵ کەسایەتیی خۆیان کە بەرهەمی کولتوور و نەریتی ڕەسەنی خۆیانە، پێویستییان بە کەسایەتییەکی تریشە کە لەخۆگری کولتوور و نەریتی ڕۆژئاوایی بێت، لەم بارەشدا هەریەکە لەمانە دەبنە هەڵگری دوو ناسنامە و دوو

کولتووری جیاواز، واتە تاکێکی دوورەگەن. لە کۆی ڕۆمانەکەشدا پەناهەندە ڕۆژهەڵاتییەکان شێوەی ژیان و کولتوور و نەریتی ڕۆژئاواییەکان پەیڕەودەکەن و کولتوور و نەریتی ڕۆژئاوایی بووەتە بەشێک لە پێناس و ناسنامەیان.

لە ڕۆمانەکەدا خواردنەوەی مەی و چوون بۆ باڕ و شوێنەکانی مەی خواردنەوە لای پەناهەندە ڕۆژهەڵاتییەکان بووەتە شتێکی ئاسایی و لەم ڕوانگەیەوە بە تەواوی پێڕەوی لە کولتووری ڕۆژئاوا دەکەن "نیوە شەو، شامپانیایەکی فەرەنسیشمان، بە بەرچاوی مەلا محەمەدی حاجی زادە ـ کە بە درێژایی ژیانی (تا ئەو کاتە) هەرگیز دەمی لە ئەلکهوول نەدابوو ـ بە سەر مێزە پانوپۆڕەکەماندا تەقاندەوە" (پیربال، ٢٠١٧: ٨). یان "مسیولۆسیانا، شەوێکیان، کە بردم بۆ باڕێکی ئسپانیایی خۆش (ژێر زەمینێک مۆسیقای ئیسپانی و فلامینکۆیان تێدا دەژەنی بە ناوی (Lavidda) بە منی گوت:

ـ تۆ لە من زیاتر پاریس دەناسی. ئەم باڕەت لە کوێ دۆزیوەتەوە؟" (پیربال، ٢٠١٧: ١٣٩). خواردنەوەی مەی و چوونە باڕ و ئەو شوێنانە لە کولتوور و ئاینی ئیسلام ڕێگە پێدراو نییە، بەڵام پەناهەندەکان کە هەموویان ئیسلامن و خۆیان بە موسڵمان دەزانن، خواردنەوەی مەی و سەردانیکردنی ئەو شوێنانەیان لا بووەتە شتێکی ئاسایی، واتە بوونەتە هەڵگری کولتوور و نەریتی ئەوان. لە ناو ڕۆمانەکەدا نەک تەنیا پەناهەندە موسڵمانە ئاساییەکان لە سنووری کلتوور و ئاینی ئیسلام لایانداوە، بەڵکو محەمەدی حاجی زادەش کە پێشتر مەلا بووە و لە ئێران پێگەیەکی بەرزی ئاینی هەبووە و لە حەوزی عیلمی تاران وانەی گوتۆتەوە، لە هەموو پەناهەندەکانی تر زیاتر کەوتۆتە بەر زەبری کولتووری ڕۆژئاوا، ئەو کە سەرەتا دێت بۆ فەڕەنسا زۆر لە هەوڵی پاراستنی کولتوور و ئاینەکەیەتی و زۆر شانازیشی پێوە دەکات "بە بیرتە جارێک بە تووڕەییەوە گوتی:

"پاراستنی کولتوور و ڕەوشتی ئیسلام ئەمڕۆ لە نوێژ و ڕۆژوو زۆر گرینگترە بۆ ئێمەی موسڵمان"؟" (پیربال، ٢٠١٧: ١٠٨)، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات ئەویش لە ئاین و کولتوورەکەی دووردەکەوێتەوە و وەکو ئەوانی تر پێڕەوی لە نەریتی ڕۆژئاوایی دەکات:

"دوای ڕابووردنی چەند مانگێک، لە مۆنتماخت، من پێکێک شەرابی مارتینی و محەمەدی حاجی زادەش یۆ یەکەم جار دیتم داوای بیرەیەکی توربۆرگی کرد.

بیرەی توبۆرگی:

پێم خۆشبوو کە دەستی کردووە بە بیرە خواردنەوە. بە تانووتەوە پێم گوت" بۆ نەخۆشی کلیە باشە" (پیربال، ٢٠١٧: ١١٦). یان " وەکو جاران هەندێ قسەمان دەکرد و بیرەیەکمان پێکەوە دەخواردەوە و دەڕۆیشت. دواتر وردەوردە فێری خواردنەوەی (وێسکی) و (ڕاکی) و (پۆرتۆ)ش بووبوو" ( پیربال، ٢٠١٧: ١١٧). محەمەدی حاجی زادە لە فەزای سێیەم و نێوانیدا نەک هەر مەی دەخواتەوە، بەڵکو دەبێتە هۆمۆسێکسواڵ و بە تەواوی لە سنوورەکانی ئاینی ئیسلام لادەدات "مەلا تارانییەکەی هاوڕێی فەرهاد بووە بە هۆمۆ.

کامیل هەر کە ناوی مەلای بیست، پرسی:

- بووە بە چی؟

- بووە بە هۆمۆسێکسوێڵ" ( پیربال، ٢٠١٧: ١٠٣). حاجی زادە جیا لەوەی کە بووەتە هۆمۆسیکسواڵ ڕەوایەتی بەم کارەی خۆشی دەدات و پێیوایە تاوان نییە و شتێکی ئاساییە، لە کاتێکدا لە دین ئەم کارە تاوانێکی زۆر گەورەیە "بە تێگەیشتنی خۆیش (ئەم کارە گوناح نەبوو).

ـ چونکە لەسەر داخوازی خۆیەتی ... ناشبێتە هۆی چەوساندنەوەی هیچ مەخلووقاتێک. چ قەیدییە!" ( پیربالّ، ٢٠١٧: ١٠٩). حاجی زادە لە پرسیارێکی ساقی گوڵچینیش کە لە بارەی پەیوەندیی سۆزداری و پێکەوە ژیانی ژن و پیاو لە دەرەوەی پەیوەندیی هاوسەرگیری، ئەوە بە شتێکی ئاسایی دادەنێت و فتوای لەسەر دەدات:

" مەبەستت ئەگەر تەنیا کەپڵی یەکتر بن و ژن و مێرد نەبن؟

ـ بەڵێ!

ـ دەکەوێتە سەر ئەوەی کە ...

ساقی گوڵچین وەک ئەوەی پێشوەختە وەڵامەکەی بزانێ، لێی پرسی:

ـ ئێوە قبوڵتانە کەپڵێکی ئێرانی پێکەوە بژین و ... ژن و مێردیش نەبن؟

محەمەدی حاجی زادە گوتی:

ـ بێگومان. بێگومان، خانم. کە دەچیتە شاری کوێران دەبێت دەست بە چاوتەوە بگری!" (پیربالّ، ٢٠١٧: ١٦٠)، وەک دەزانین لە کولتووری ڕۆژهەڵاتی و ئاینی ئیسلام ڕێگەپێدراو نییە و تاوانە ژن و مێرد لە دەرەوەی پەیوەندی هاوسەرگیری بەیەکەوە بژین و ئەوە دەرچوونە لە سنوورەکانی نەریت و ئاین، بەڵام حاجی زادە بە هۆی تێکەڵبوونی بە کولتووری ڕۆژئاوایی ئەمەی پێ شتێکی ئاساییە، تەنانەت کە دەڵێت کە چوویتە شاری کوێران دەبێت دەست بە چاوتەوە بگریت، بەو واتایەیە کە دەبێت وەکو ئەوان بیت و لە کولتوور و نەریت و کۆمەڵگای ئەوان چی هەیە دەبێت ئێمەش وەکو ئەوان بکەین و لاساییانبکەینەوە.

## ٢ـ٣ دوورەگیبوونی زمانی

زمان یەکێکە لەو شتانەی کە لە دوای کۆچکردنی تاک بۆ سەرزەمینێکی تر دوچاری دوورەگیبوون دێت و بە هۆیەوە ناسنامەی پەناهەندە دوورەگە دەبێت (فاتحی و دیگران، ؟: ١٨٨). کاتێک پەناهەندەکان بۆ سەرزەمینێکی تر کۆچ دەکەن لە یەکێک لەو شتانەی کە دەکەونە ژێر کاریگەری و هەوڵی لاساییکردنەوەی دەدەن زمانی نەتەوە سەردەستەکە یا ڕوونتر بڵێین زمانی ئەو دەوڵەتەیە کە کۆچیان بۆی کردووە و لەگەڵی تێکەڵبوونە. لێرەشەوە ناسنامەی تاک دوورەگە دەبێت، چونکە زمان یەکێکە لە سەرەکیترین بنەماکانی پێکهاتەی ناسنامەی هەر نەتەوەیەک، بۆیە کاتێک تاک لەسەر زەمینە نوێیەکەیدا هەوڵی فەرامۆشکردنی زمانی خۆی و بەکارهێنانی زمانی بێگانە دەدات یان ئاوێتەی یەکتریان دەکات، ناسنامە ڕاستەقینەکەی لەدەستدەدات و دەبێتە تاکێکی دوورەگە. لە ڕۆمانی هوتێل ئەوروپادا لە چەند شوێنێک بەکارهێنانی زمانی بێگانە دەبینرێت. بە نموونە فەرهاد پیربالْ کە گێڕەرەوەی ڕۆمانەکەیە دوچاری دوورەگیبوونی زمانی بۆتەوە و لە قسەکردندا زمانی فەڕەنسی بەکاردێنێت:

"پێم خۆشبوو کە مسیۆلووسیانای خاوەن هوتێلەکەم هاتووە بۆ مۆنتماخت، یەکسەر ویستم پالێتەکە دانێم و بەخێرهاتنی بکەم:

سەڤا مسیۆ لووسیانا؟" (پیربالْ، ٢٠١٧: ٥١). لە شوێنێکی تریشدا کاتێک باسی عادەتی ڕۆژانەی دایکی مسیۆلووسیانا دەکات، کە دێت بۆ هوتێلەکە چی دەکات و چۆن ماڵئاوایی دەکات، زمانی فەڕەنسی بەکاردێنێت:

" ئۆغڤواغ ..

لەم وشەیە زیاتر، هەرگیز هیچ قسەیەکی دیکەی لەگەڵم نەدەکرد.

منیش بە هەمان شێوە:

ـ ئۆغڤواغ" (پیرباڵ، ٢٠١٧: ٧١). لێرەدا فەرهاد کە گێڕەرەوەی ڕۆمانەکەیە تووشی دووڕەگیبوونی زمانی هاتووە و زمانی فەڕەنسی لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا بەکارهێناوە. دەکرا لە بری وشەی فەرەنسی (سەڤا) چۆنی یان باشی و لە بری وشەی (ئۆغڤواغ) ماڵئاوا یان خودا حافیز بەکاربێنێت، بەڵام لەبەرئەوەی دووچاری دووڕەگیبوونی زمانی بووەتەوە پەنای بۆ زمانی فەڕەنسی بردووە.

## ئەنجام

لە کۆتاییی توێژینەوەکەدا بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین:

- ڕۆمانی هوتێل ئەوروپا کە گوزارشت لە ژیانی پەناهەندە ڕۆژهەڵاتییەکان لە دنیای ڕۆژئاوا دەکات، زۆر بە ڕوونی دوورەگیبوون وەک بنەمایەکی پۆست کۆلۆنیالیزمی تێدا ڕەنگداوەتەوە، پەناهەندە ڕۆژهەڵاتییەکان بە هۆی ژیانیان لە فەزای ڕۆژئاوادا دوچاری حاڵەتی دوورەگیبوون بوونەتەوە و ڕەفتار و کردارییان گوزارشتە لە تاکێکی دوورەگە.

- لە ڕۆمانەکەدا پەناهەندە ڕۆژهەڵاتییەکان بە هۆی ژیانکردن لە فەزای سێیەم، لە قەیرانێکی قووڵی بێ ناسنامەیی دەژین، بەردەوام پرسیار لە ناسنامەی خۆیان دەکەن و کەوتوونەتە بارودۆخێکی هەستکردن بە

سەرگەردانی و بێ ماڵییەوە و دوچاری دوورەگیبوونی ناسنامە بوونەتەوە. فەرهاد و محەمەدی حاجی زادە بەرجەستەترین نموونەی دوورەگیبوونی ناسنامەن، کە بە هۆی ژیانیان لە فەزای نێوانیدا لە ناسنامە ڕەسەنەکەی خۆیان دوورکەوتوونەتەوە و تووشی دوورەگیبوونی ناسنامە بوونەتەوە.

- لە بەریەککەوتنی کولتووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە ڕۆمانەکەدا فەزای سێیەم بەرهەمهاتووە، کە تێیدا جۆرێک ئاوێتەبوونی کولتووری دروستبووە، و بە هۆیەوە کولتوورێکی دوورەگە بەرهەمهاتووە، بەم هۆیەشەوە پەناهەندەکان دوچاری دوورەگیبوونی کولتووری بوونەتەوە و پێڕەوی لە کولتوور و نەریت و بەها و شێوە ژیانی ڕۆژئاواییەکان دەکەن.

ـ دوورەگیبوونی زمانی لە ڕۆمانەکەدا ڕەنگیداوەتەوە، فەرهاد یەکێکە لەو پەناهەندانەی کە تووشی دوورەگیبوونی زمانی بۆتەوە و زمانی فەرەنسی بەکاردێنێت.

## لیستی سەرچاوەکان


**ـ بە زمانی کوردی**

ـ پیربال، فەرهاد (٢٠١٧)، هوتێل ئەوروپا. چاپی دووەم، ماڵی وەفایی، هەولێر.

**ـ بە زمانی فارسی**

**یەکەم: کتێب**

ـ برتنز، یوهانس ویلم (١٣٩٤)، نظریه ادبی (مقدمات)، ت/ فرزان سجودی، چاپ اول، نشر علم، تهران.

ـ بسنت، سوزان و تریودی، هریش (١٣٩٣)، مطالعات ترجمه: ترجمه پسا استعماری (از نظریه تا عمل)، ت/ مجتبی ایزک شیریان، چاپ اول، نوین پویا، تهران.

ـ تایسن، لوئیس (١٣٩٤)، نظریەهای نقد ادبی معاصر، ت/ مازیار حسین زاده و فاطمه حسینی، چاپ سوم، نشر نگاه امروز، تهران.

ـ حبیب، م. ا. ر (١٣٩٦)، نقد ادبی مدرن و نظریه، ت/ سهراب طاووسی، چاپ یکم، نشر نگاه معاصر، تهران.

ـ رشیدی، صادق (١٣٩٣)، مطالعات انتقادی (نظریه های انتقادی انتقادی معاصر در نقد ادبیات و هنر)، چاپ اول، نشر علم، تهران.

ـ زرین کوب، عبدالحسین (١٣٩٦)، درس گفتارهای نقد ادبی، چاپ نخست، انتشارات پایا، تهران.

ـ شاهمیری، آزاد (١٣٨٩)، نظریه و نقد پسااستعماری. چاپ اول، نشر علم، تهران.

ـ عضدانلو، حمید (١٤٠٠)، از استعمار تا گفتمان استعمار: دریچه‌ای به ادبیات و نظریه‌های ((پسااستعماری))، چاپ اول، نشر نی، تهران.

ـ کریمی، جلیل (١٣٩٤)، نظریه پسااستعماری و کردشناسی، چاپ اول، نشر نی، تهران.

ـ گاندی، لیلا (١٣٩١)، نظریه پسااستعماری، ت/ مریم عالم زاده و همایون کاکاسلطانی، چاپ دوم، پژوهشکده مطالعات فرهنگی و اجتماعی، تهران.

ـ مکاریک، ایرنا ریما (١٣٩٣)، دانش نامه‌ی نظریه‌های ادبی معاصر، ت/ مهران مهاجر و محمد نبوی، چاپ پنجم، نشر آگه، تهران.

ـ هال، استوارت و همکاران (١٣٩٠)، درباره مطالعات فرهنگی، ت/ جمال محمدی، نشر چشمه، تهران.

ـ یانگ، رابرت جی. سی (١٣٩١)، درآمدی اجمالی بر پسااستعمارگری، ت/ فاطمه مدرسی و فرح قادری، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، تهران.

**ـ گۆڤار**

ـ ساعی، دکتر احمد (١٣٨٥)، مقدمه ای بر نظریه و نقد پسا استعماری. مجله دانشکده حقوق و علوم انسانی، شماره ٧٣.

ـ حیدری، فاطمه و ربیع زاده، رویا (١٣٩٥)، نقد پسااستعماری آثار روح انگیز شریفیان، فصل نامه تخصصی تحلیل و نقد متون زبان و ادبیات فارسی، شماره ٢٧.

**ـ نامەی ئەکادیمی**

ـ ایرائی، محدثه سادات موسوی (١٣٩٥)، بررسی مؤلفەهای ادبیات مهاجرت در دو رمان همنوایی شبانه ارکستر چوپ ها اثر رضا قاسمی و تماما مخصوص اثر عباس معروفی، پایان نامه کارشناسی ارشد، دانشکده علوم انسانی ـ دانشگاه سمنان.

**چکیده**

نظریه پسااستعماری یکی از نظریه‌های جدید نقد ادبی است و مفهوم دورگه‌بودگی یکی از اساسی ترین و موثر ترین مفاهیم این نظریه عنوان میشود. دورگه‌بودگی از برخورد دو فرهنگ مسلط و زیر دست بوجود می آید و در این مواجهه فضایی میانی شکل می گیرد که در آن آمیختگی فرهنگی بین این دو پدید می آید، از این در هم آمیخته‌گی، دورگه‌بودگی بروز می کند و در نتیجه فردی با فرهنگی دورگه ظاهر می شود.

موضوع اصلی رومان هتل اوروپای نویسنده کورد، فرهاد پیربال، درباره زندگی پناهنده‌گان مشرق زمین در جهان غرب است که در آن برخورد دو فرهنگ شرق و غرب بوجود آمده‌است و این فرهنگی دو رگه را تولید کرده‌است. در آن پناهنده‌گان مشرق زمین گرفتار دورگه‌بودگی هویت و فرهنگ و زبانی شده‌اند.

این پژوهش بر مبنای روش تحقیق وصفی_تحلیلی به پردازش نمونه‌ها و داده‌های پرداخته است. پژوهش حاضر بر دو بخش تقسیم شده‌است، در بخش اول تعریف پسااستعمارگرایی و دورگه‌بودگی و در بخش دوم تحلیل نمونه‌های انواع دورگه‌بودگی در متن رومان نامبرده، ارائه شده‌است.

**کلمات کلیدی:** پسااستعماری، دورگه‌بودگی، هویت، فرهنگ، زبان، رومان هتل اوروپا.

**Abstract**

Post colonialism theory is one of the new theories of literary criticism and hybridity as the basis of this theory, one of the most prominent and effective concepts in the field of post-colonialism.

hybridity is created as a result of the conflict between the occupying and occupied culture or the sovereign and subordinate culture, and in this conflict, there is a difference between them, in which a kind of cultural mixture occurs. And because of this, a new form of culture is created that does not entirely apply to any of the two cultures, from here a biracial culture is produced and as a result it will create biracial individuals. Farhad Pirbal's European Hotel novel also describes the life of eastern refugees in the West, creating a cultural conflict between eastern and western culture, which has led to the creation of a biracial culture. Eastern refugees also face duality of identity, culture and language. In this study, the method of description and analysis has been followed, and for this purpose, the research has been divided into two parts. In the first part, the concept and definition of Post colonialism and hybridity are discussed. In the second part, the hybridity was shown as the basis of post colonialism in the novel.

**Keywords:** Post Colonialism, Hybridity, Identity, Culture, Language, Hotel Europe